# کوردستان

نووسینی: ئەندرێس کونگ
ئەمجەد شاکەلی، لە سویدییەوە کردوویە بە کوردی

"خودێ بە سێ دەردان سزای مرۆڤ دەدات: کولله و مشکەکوێرە و کورد".
( گوتەیەکی عەرەبییە)

ژمارەی کوردەکان لەوانەیە بگاتە یەک دەرزەن ملیۆن کەس[1]. نێزیکەی نیوەیان لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا و سێیەکیشیان لە ئێران دەژین. لە نێوان یەک ملیۆن و دوو ملیۆندا لە باکووری عیراق و نیوملیۆنێک لە سووریا و سەدهەزاریش لە قەوقاسی سۆڤیێت دەژین. یەکلانەبوونەوەی ژمارەی خەڵکی کورد، بەشێک لە سروشت و ڕەوشی پرسی کورد پێشان دەدات، کە ئەویش قایلنەبوون و داننەنانی وڵاتانی هاوسێی کوردە بەوەی، کە گەلێک بە نێوی کوردەوە هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکان زمانێک و مێژوویەک و فەرهەنگێکی هاوبەشیان هەیە و لە سەردەمێکیشەوە، کە وەبیر نایەت، هەر لەو دەڤەرە شاخاوییە سەختانەی ژووروی وڵاتی دووڕووباری میزۆپۆتامیاشدا ژیاون. کوردەکان بە پێچەوانەی هاوسێیەکانیانەوە لە ماوەی نێزیکەی سێهەزار ساڵێکدا، توانیویانە کێیەتی و ڕەوشتی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن، بێ ئەوەی دەنێو ئەو هەموو نەتەوە داگیرکارانەی، وەک عەرەب و مەنگۆل و تورک و هی دیکەشدا، کە بە درێژایی مێژوو بە سەر کوردستانیاندا داوە و تەراتێنیان تێدا کردووە، بتوێنەوە. تەنانەت لە دەرێی وڵات و خاکی کوردستانییش، کوردەکان هەوڵی پاراستنی کەسیەتی و نەریت و خۆیەتیی خۆیان داوە. تا ئەمڕۆیش لە دیمەشقی پێتەختی سووریا، گەڕەکێکی تایبەتی کورد هەیە[2]. وێڕای ئەوەش کوردگەلێکی زۆرییش لە نێو وڵاتانی هاوسێدا تواونەوە و ڕۆڵێکی گرنگیشیان لە دیرۆکی عەرەبدا بینیوە. ناسراوترین کوردێک لەوانەی تواونەوە سەلاحوددینی قارەمانە، کە لە ساڵی 1187دا، بە سەر ڕێڕۆی خاچهەڵگرە دیانەکاندا لە ڕۆخی زەریاچەی جەلیل، سەرکەوت. پاشان زۆرینەی خێڵ و تیرە کوردەکان لە ژێر فەرمانڕەوایی و ڕێبەریی سەلاحوددیندا لە سووریا یەکدییان گرت. کە مەنگۆلەکان هاتنە نێو ڕۆژهەڵاتی نێزیکەوە، لە لایەن کوردە سەرسەختەکانەوە بەرەنگارییان لێ کرا. هەر بەو ئاوایە کوردە ئازادیخوازەکان لە مێژووی پێشتریشدا چەکیان دژ بە سۆمەرەکان و ئاشوورییەکان هەڵگرتووە و هەر ئەوەیشیان دەگەڵ "کوورەش"ی شای فارساندا کردووە و نەینەوا و بابلیشیان سووتاندووە. لە سەرەتای ساڵانی 1500ەکانەوە کاتێک، کە تورکەکان، ئەرمەنستان و کوردستانیان داگیر کرد، سوڵتان ڕێگەی بە مەلا

[1] یەک دەرزەن دەکاتە 12 ملیۆن. لەمەڕ ژمارەی کوردەوە تا ئێستا ئامارێکی ڕاست و دروست نییە، بەڵام کورد خۆی بە 25 ملیۆنێک دادەنێت.

[2] ئەو گەڕەکە، کوردەکان بۆ خۆیان پێی دەڵێن "تاخا کوردا" و عەرەبەکانیش پێی دەڵێن"حی الاکراد" یا "رکن الدين".

ئیدریسێکی کورد دا، دەوڵەتێکی گوێڕایەڵی خاوەنی بڕێک سەربەخۆیی نێوخۆیی، دابمەزرێنێت[3]. سوڵتانێکی دیکەی تورک، عەبدولحەمید[4]، بەوەی کە زیرەکانە چەمک و پرنسیپی "پەرتکە و زاڵبە"ی پێڕۆ کرد، پتر زیانی بە پرسی کورد گەیاند و برینداری کرد. بۆ تێکدانی ئەو پەیمانە دۆستایەتییە نەنووسراوەی نێوان کوردەکان و دیانەکانی هاوسێیان و هەڵوەشاندنەوەی، عەبدولحەمید ڕێگەی بە دامەزراندنی یەکەیەکی سوارەی کوردی دا و خێڵەکییەکانی، کە پێکیانهێنابوو تایبەتمەندییەکی باڵا و لەبەرچاویان وێدرابوو[5]. ئەمەش بووبە هۆی دوژمنایەتی و ئاژاوەنانەوە لە نێوان دەستە و تاقمە جیاوازەکانی کورددا، کە لە لایەن حوکوومەتەکانەوە وەک بەڵگەیەک بەکاربراوە بۆ پێشاندانی کورد، نەک هەر وەک گەلێکی یەکنەگرتوو، بەڵکە تەنانەت وەک چەتە و ڕێگرێکی ناشی و پاشکەوتوو ، کە بێجگە لە زەبر و زۆر هیچ جۆرە بەڵگەیەکی دیکە تێناگەن. بۆیە نەیارانی کورد بۆ مەبەست و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، ناکۆکی و ململانێی نێوان هۆز و خێڵە جیاوازەکانی کورد و نێوان کۆمەڵانی وەرزێرە نەخوێندووەکانی بندەستی دەرەبەگەکان و ڕەوشەنبیرانی چینی نێوەندی نێو شارەکانیان، بەکاربرد.

هەڵگر و بڵندکەرەوەی بیری نوێی نەتەوەیی کورد، هەر لە دەسپێکرا ئەو کەسانە بوون، کە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لە شارە کوردییەکاندا دەژیان. کوردێکی زۆر لە پەرلەمانی عوسمانیدا کران بە نوێنەر و ئەوانیش پێشنیاز و داخوازیی ئۆتۆنۆمییان بۆ کورد بە پەرلەمانی دەوڵەتی عوسمانی پێشکەش کرد. ئەو پێشنیاز و داخوازییانەش لە لایەن ئەو ڕۆژنامە و یانە کوردییانەوەی، کە لە سەردەمی تورکاندا لە ئیستەنبوول و بەغدا و مووسڵ دامەزرێنرابوون، لە بنەوە پشتگرییان لێ دەکران. لە کۆتایی ساڵانی 1800ەکاندا، کۆمیتەیەکی نەتەوەیی کورد دامەزرا، کە بەرەبەرە بەرەو ئەوە چوو ببێتە پارتییە نەتەوەییە کوردییەکەی ئەمڕۆی عیراق[6].

---

[3] مەلا یا حەکیم ئیدریسی بتلیسی، لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی عوسمانیدا، سەرکردەیەتیی لەشکرێکی مەزنی خێڵە کوردەکانی کرد و لە هەموو جەنگێکی سوڵتاندا دژ بە شای سەفەوی بەشدار بوو و سەفەوییەکانی لە هەموو لایەک دەردەپەڕان، ئیدی لە دوای جەنگی چاڵدیرانی 1514، لەکن سوڵتان ڕێز و پایەیەکی پەیدا کرد و سوڵتان وای لێ کرد، دەستی بەسەر هەموو میرنشین و دەڤەرە کوردەکاندا بڕوات و جۆرە سەربەخۆییەکی نێوخۆیی هەبێت مەلا ئیدریس لە 1520دا کۆچی دوایی کردووە.

[4] سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە 1876-1908 سوڵتان بوو.

[5] سوارەی حەمیدییە، لە 1891دا بە فەرمانی سوڵتان عەبدولحەمید دامەزران، هەر بۆیەش نێوی "سوارەی حەمیدییە"یان لێ نرابوون.دامەزراندنی ئەو سوارانە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە کوردستاندا و لە پەنای ئەوەشدا دەسەڵاتی سەرۆکهۆزە کوردەکانیشی دەچەسپاند.شاکر پاشا، سازکاری ئەو سوارانە بوو. حوکوومەتی عوسمانی هێندە بەتەنگ ئەو سوارانەوە نەبوو و پڕچەککردنیان و تفاق و ڕێکخستنیان بەرەبەرە پشتگوێ دەخران تا لە یەکەمساڵی جەنگی جیهانیی یەکەمدا بە تەواوی هەڵوەشێندرانەوە.

[6] لە ساڵی 1900دا لە ئیستەنبوول، کۆمەڵەیەکی کوردی بە نێوی "کوردستان عەزمی قەوی جەمعیەتی" لە لایەن "فکری ئەفەندی ئامەدی"یەوە ساز کراوە."کوردیزادە ئەحمەد ڕەمزی لجە"، یەکێک بووە لە ئەندامە ناسراوەکانی ئەو کۆمەڵەیە. ئەوە یەکەم کۆمەڵە و ڕێکخراوی کورد بووە و دواتر کۆمەڵەی "تەعالی و تەرەققی" و "ژ.ک" و "هیوا"

**لە پەیمانی سیڤری 1920ی نێوان ئیمپراتۆریای عوسمانی و هێزە سەرکەوتووەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم، یەکێک لەو شتانەی بڕیاری لە سەر درا، دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بوو، کە سنوورەکەی دەڤەرەکانی لە باشووری ئەرمەنستانەوە تا باکووری عیراقی دەگرتەوە[7]. پەیمانی سیڤر لە سەر لاوازیی دەوڵەت و دەسەڵاتداریەتیی تورکان ساز کرا و بە سەر حوکوومەتی تورکدا سەپێنرا. بە هۆی هێزی تورکیای نوێی سەرکەوتووی سەردەمی کەمال ئەتاتورکەوە، هەرگیز ددان نەنرا بە پەیمانی ئاشتی سیڤردا و هەرگێز کاری پێ نەکرا و تەنانەت لە 1923دا و لە لۆزان گۆڕدرایەوە بە پەیمانێک، کە نێوی کوردستانی تێدا نەهات[8].**

**هەر ئەو دەمەش بە پێچەوانەی دژایەتیکردنی بەهێزی کوردەوە، فەیسەڵ حوسەین، بە هۆی پشتگریی بریتانییەکانەوە، نێوی شای عیراقی لێ نرا و کرایێ[9]. هەر ئەو دەمی بریتانییەکان فەرمانڕەوایەکی کوردیان لە باکووری عیراق دیاری کرد. کاتێک ئەو فەرمانڕەوایە لە پێناوی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆدا، ڕێبەریی ڕابوونێکی کرد، دەستگیر کرا و لە وڵات وەدەر نرا[10]. بریتانییەکان تەنانەت قایل نەبوون بەوەی، کە ددان بە تایبەتمەندی و**

---

و...پەیدا بوون. ئەڵبەت دەکرێت پارتیی دیموکراتی کوردستانییش بە درێژەپێدانی ئەو کۆمەڵەیە دابنرێت.

[7] پەیمانی سیڤر، کە لە 1920/8/10دا مۆر کرا و بەندەکانی 62، 63 و 64ی لەمەڕ کورد بوون، زۆر ئاشکرا باس لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی تێدا نەکرابوو و ئەو باسە بە هەندێک مەرجەوە گرێ درابوو، وەک: ڕاپرسیی لەوە دەڤەرانەدا کە کوردنشینن، کە لەوەشدا دەڤەرێکی زۆر گچکە بە کورد دانرابوو و پاشان ئەنجامی ئەو ڕاپرسییە گەلییە بخرێتە پێش کۆمەڵەی نەتەوەکان و ئەویش بڕیاری ئەوە بدات، کە ئایا کورد شایستەی دەوڵەتە یا نە؟ ئەوجا ئەو بڕیارەش بە تورکیا ڕابگەیەندرێت. وەلێ بە پێچەوانەی کوردەوە، بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتی ئەرمەنی بە ئاشکرا هاتبوو.

[8] پاش ئەوەی کەمالیستەکان لە بواری جەنگدا، کۆمەڵێک سەرکەوتنیان بە سەر ئەرمەن و یۆنانییەکاندا وەدیهێنا، پەیمانی لۆزان لە 1923/7/24دا، لە نێوان کەمالیستەکانی تورکیا و دەوڵەتانی هاوپەیماندا مۆرکرا. لەو پەیمانەدا نێوی کورد و کوردستان نەهات و تەنێ باسی ئەوە کرا، کە ڕێز لە کەمینەنەتەوەییەکان بگیرێت. ئیدی پەیمانی سیڤر هەڵوەشێندرایەوە و بەشێکی زۆری کوردستان خرایە ژێر دەستی تورکیا.

[9] لە 1921/8/23دا، میر فەیسەڵی کوڕی شەریف حوسەینی مەککە، لە لایەن "بێرسی کۆکس"ی نوێنەری بریتانیا لە میزۆپۆتامیا، کرا بە شای عیراق .میر فەیسەڵ فرانسییەکان لە سووریا وەدەریان نابوو. ڕاپرسییەکی گەلیی بۆ دانانی فەیسەڵ بە شای عیراق ساز کرا و کورد بە کەمیی بەشداریی کرد و تا ڕادەیەکیش دژی ڕاوەستا.

[10] مەبەست "شێخ مەحموودی بەرزنجی- حەفید"ە(1882- 1956/10/9). شێخی حەفید، لە 1919/5/20-1920 یەکەم شۆڕشی دژ بە داگیرکارانی بریتانی لە خوارووی کوردستان ڕاگەیاند و ئامانجیشی کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ بوو. لە 1923دا شۆڕشی دووەمی دەستپێکردەوە و حوکوومەتێکی لە دەڤەری سلێمانیدا دامەزراند و بۆ خۆیشی بوو بە شای کوردستان. لەشکری بریتانی پاشتر ئەو شۆڕش و حوکوومەتەی شێخیان تێکشکاند و شێخ گیرا و بۆ هیندوستان دوورخرایەوە. شێخ دیسان لە ساڵی 1931دا شۆڕشی هەڵگیرساندەوە و ئەوجا بریتانییەکان گرتیان و لە سیتەک و داریکەلی نیشتەجێیان کرد تا کاتی نەخۆشییەکەی و دوای برایە نەخۆشخانەی ئەلحەیدەرییە"الحيدريه" لە بەغدا و ئیدی لەوێ لە 1956/10/9دا شێخ کۆچی دوایی کرد.

سەربەخۆییەکی نەتەوەیی بۆ کورد بە سەر ناوچەی دەوڵەمەندی کەرکووکدا، کە پتر لە ¾ی نەفتی عیراق وەبەرهەم دێنێت، بنێن. هەر بۆیەش بریتانییەکان، باژێڕی سلێمانییان ئابلۆقە دا و لە هەمان کاتیشدا هێزی هەوایی بریتانیا(هێزی هەوایی پاشایی) شارەکەیان بۆمبباران کرد[11].

بە گوێرەی پەیمانی لۆزان، دەبوو سنووری نێوان تورکیا و عیراق، بە پێکهاتن لەگەڵ بریتانییەکاندا کێشرابا و دیاری کرابا. کە لایەنەکان نەیانتوانی پێکبێن و ڕێککەون، کۆمەڵەی نەتەوەکان کۆمیتەیەکی بە نێوی کۆمیتەی مووسڵ دانا، کە بێجگە لە کارەکانی دیکەی، ئەوەی چەسپاند و دەستنیشانکرد، کە کورد نە تورکە و نە عەرەبە و نەش فارسە، لەبەر ئەوەش دەبوو ددان بە کوردستانێکی ئازاددا نرابا.

1922 دەوڵەتی نوێچێکراوی عیراق و دەسەڵاتداریەتیی مانداتی ئینگلستان بڕیاریان دا، دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردن بە کورد بدەن. ئەو بەڵێنە وەک مەرجێک بۆ ئەوەی عیراق ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە 1932یشدا دووپات کرایەوە.

لە نێوان هەرتک جەنگدا ڕاپەڕینی دەڤەریی کورد لە عیراقدا بەرپا دەبوو و لە لایەن لەشکری عیراقی- بریتانی و بە هاریکاریی هێزی هەوایی بریتانی(هێزی هەوایی پاشایی) سەرکوت دەکران. لە سەردەمی جەنگی جیهانیی دوەمدا، ڕابوونێکی نوێ بەرپا بوو، ئەمجارەیان موستەفا بارزانی سەرکردەیەتیی دەکرد، کە پاشان بوو بە مەزنترین سەرکردەی کورد. ڕابوونەکە سەرنەکەوت و بارزانی لەگەڵ لایەنگرانیدا هەڵهات بۆ یەکیەتیی سۆڤیێت. بارزانی بۆ جاری یەکەم 1958، پاش کوودێتای قاسم، گەڕایەوە بۆ عیراق. کە قاسم لە 1958دا ڕێژیمی پاشایەتیی ڕووخاند و خۆی بوو بە فەرماندەر و ڕێبەری وڵات، بە هۆی بەڵێنەکانییەوە، کە دابوونی بە کوردان، کە بەرەوپیریی داخوازییەکانیان دەچێت، بە گەرمیی لە لایەن کوردەکانەوە پێشوازیی لێکرا. دەستووریی کاتیی عیراقی ساڵی 1958 ڕوونی کردەوە، کە عیراق دەوڵەتێکی هاوبەشە و لە عەرەب و کورد پێکهاتووە، لێ قاسمییش ئەوەی پێشان دا، کە ئەویش وەک سەرکردەکانی پێشووی عیراق، ئەو گوتە و وشە ڕندانەی خۆی نەخستە گەڕ، تەنێ لەوەدا نەبێت، کە پێوەندی بە ڕێگەدانی زمانی کوردییەوە هەبوو لە بواری خوێندندا.

پارتییە سیاسییەکەی کوردە نەتەوەییەکان، پارتیی دیموکراتیی کورد، تا دەهات پتر ڕەخنەی لە ساردوسڕی و گوێنەدانی ڕێژیمی قاسم دەگرت. ئەمەش بوو بە هۆی قەدەغەکردنی ڕۆژنامەکەی پارتیی و زیندانیکردنی سکرتێرە گشتییەکەیشی، ئیبراهیم ئەحمەد[12]، پێش ئەوەی پارتییەکە لە پاییزی 1961دا بە تەواوی قەدەغە بکرێت. لە هەمان

---

[11] فڕۆکەکانی ئینگلیز لە نێوان 1924/6/2-5/31دا باژێڕی سلێمانییان بۆمبباران کردووە.

[12] ڕۆژنامەی "خەبات"، دەنگیی پارتیی دیموکراتی کوردستان بوو و لە بەغدا بە کوردی و عەرەبی و دواتر تەنێ بە عەرەبی دەردەچوو. یەکەم ژمارەی لە 1959/4/4دا دەرچوو و لە 1961/3/28 بە فەرمانی حوکوومەتی قاسم داخرا.

کاتیشدا بۆمببارانی گوندە کوردەکان بە ناپاڵم و پاشتریش بە بۆمبای گازی گۆگرد دەستپێکرد. کوردەکان لە ژێر سەرکردەیەتیی و ڕێبەریی "مەلای سۆر"[13]دا، موستەفا بارزانی، ناچار کران خەباتی چەکداری دەستپێبکەن. لە سەرەتاوە واپێدەچوو، یاخیبوونەکە یاخیبوونێکی خێڵەکی بێت، خزمگەل و هۆزی بارزانی دەستیان پێ کردبێت. وەلێ جەنگاوەرە خێڵەکییەکان لە 1961ەوە و لەگەڵ تێپەڕینی ساڵاندا، بوون بە لەشکرێکی کۆک و ڕێکوپێک و سەقامگیری 10-20 هەزار کەسیی. بزاڤە خێڵەکییەکە سیما و شێوەی بزاڤێکی نەتەوەیی وەرگرت، لەگەڵ بوونی دەسگایەکی نێوەندەکیی لەشکری و سیاسی لە ترۆپکیدا. کوردەکان کارگێڕییەکی خۆیەکیان لە گوندەکانی خۆیاندا کە بۆ خۆیان دەسەڵاتیان بە سەردا هەبوون دامەزراند. لە هەمان کاتیشدا باژێڕێن مەزن هەر لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی بەغدادا بوون. 1964، ئەنجومەنێک بە نێوی ئەنجومەنی باڵای شۆڕش دامەزرا، پتر لە 40 ئەندامی تێدا بوو، کە نوێنەری هەموو دەستە و خەڵک و گەلە جیاواز و گرنگەکانی کوردستانی عیراق بوون. هەروەها حوکوومەتێک[14]، دادگەیەک، سیستمێکی باجخڕکردنەوە و چەند کۆمیتەیەکی جیاواز و جۆراوجۆریش بۆ کارکردن لەگەڵ کارگێڕی و دەسگا خۆیەکییەکاندا و بۆ ئامادەکردنی دەستوورێک دامەزران و پێکهێنران.

سەختیی دامەزراندنی کارگێڕییەکی کارا و توانا لەو دەڤەر و شوێنانەی لە ژێر دەسەڵاتی بارزانیدا بوون، دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی، کە لە کوردستانی عیراقدا بە 1-2 میلیۆن کەسەکەیەوە، تەنێ دوو بژیشکی کوردی بارهێنراو و لێزانی لێ بوون. لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی پرۆگرامی پارتیی، وەدیهێنان و جێبەجێکردنی چارە و تیمارکردنی مفت، ئامانج بوو. لەو شتانەی، لە پرۆگرامەکەدا و بە شێوەیەکی گشتی باسکرابوون، کەمترین مووچە، باجیی ڕاستەوخۆ و هەڵکشاو و بەرەوژوور، مافی سازکردنی سەندیکا، هەروەها باسی بیرازی زەوییش کرابوو، کە زەوی بە هەموو وەرزێران دەدرێت. داخوازییەکی سەیر و سەرنجڕاکێشیش بۆ مافی تەواوی سیاسی و ئابووری و یەکسانی جڤاکیی ژنییش هەبوو. بەم بۆنەیەشەوە دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە فرەژنە هێشتا لە نێو پڕانیی ئەو کوردانەی، کە خۆیان بە ئیسلام دەژمێرن هەیە و وەدی دەکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەریتی بوونی لەیەک ژن زیاتر لە پاشەکشێیەکی بەهێزدایە.

گوشاری لەشکریی لە لایەن حوکوومەتی نێوەندەکییەوە بوو بە هۆی کەمکردنەوەی ناکۆکی و دژایەتیی خێڵەکی لە نێو کوردەکاندا، هەرچەندە حوکوومەتی بەغدا لە لایەن چەند خێڵێکی کوردەوە، لە پێش هەمووشیانەوە خێلی زیبارییە توانا و دەستڕۆیشتووەکان، کە دوژمنی

---

462 ژمارەی لێ دەرچوو. "ئیبراهیم ئەحمەد" سکرتێری پارتیی سەرنووسەری بوو. ئیبراهیم ئەحمەد نەگیرا، بەڵکە خۆی شاردەوە و بەغدای بەجێهێشت.

[13] مەبەست لە "مەلای سۆر" ئەوە بوو، کە گوایە بارزانی پیاوی سۆڤییێتە و کۆمۆنیستە.

[14] هەرچەندە دەسگا و ئەنجومەن و کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتیی و دادگە دامەزرابوون، بەڵام حوکوومەت دامەزرێنرابوو، چونکە شۆڕشەکە خۆی بە عیراقی دەزانی و دەدایەناساندن.

نەریتیی بارزانیین، پشتیوانیی لێ دەکرێت. هەندێک لەم زێبارییانە، گەیشتوونە پایە و پۆستی گرنگ لە نێو کارگێڕی و دەسگاکانی نێوەندەکی عیراقدا لە بەغدا.

ناکۆکی ئایدیۆلۆژی و تاکتیکی، بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی شەکەت و لاواز کردووە. جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد لە 1964-1965دا دەگەڵ بارزانیدا تێکچوون و لێی جیابوونەوە و پاشانیش وەل حوکوومەتی بەغدادا هاریکارییان کرد. ناکۆکییەکانیش بە پێی ئەوان(جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد) لەوەوە سەری هەڵداوە، کە بارزانی سەرکردەیەکی خێڵەکی نەریتییە و گەرەکیەتی لەگەڵ سەرکردە دەرەبەگەکاندا لە کوردستان هاریکاریی بکات. پتر لە 12 ساڵ مانەوە و ژیانی لە سۆڤییەت هیچ جۆرە شەقڵێکی قووڵی ئایدیۆلۆژی لە بارزانیدا بەجێنەهێشتووە. ڕووناکبیرانی کورد لە باژێڕەکاندا، کە لە نێو پارتیی دیموکراتیی کورددا دەستیان دەڕوات و زاڵن دەیانەوێت شۆڕشی نەتەوەیی و شۆڕشی جڤاکی بەهەڤرا گرێ بدەن و کوردستانێکی نوێ و هاوچەرخ دابمەزرێنن. لەگەڵ ئەوەشدا وا پێدەچێت، بارزانی لەوەی کە نەیارەکانی دەیلێن و باسی دەکەن، ڕادیکالتر بێت، بەڵام ئەگەر سەری دانەواندبێت بۆ دەسەڵاتی دەستە و تاقمە دەرەبەگەکان، ئەوە بە نیازی وەدیهێنانی یەکیەتییەک بووە لە کاتی خەباتی ڕزگاریخوازیدا. ناکۆکییەکانی نێوان دەستە و باڵی تاڵەبانی-ئەحمەد و بارزانی وێدەچێ تەنانەت هۆ و بنەمایەکی ملانێی دەسەڵاتی کەسەکی تێدا هەبێت.

لەکاتێکدا بارزانی گومان و بێباوەڕییەکی قووڵی لە ویست و توانستی دەسەڵاتدار و کاربەدەستانی عیراق دەکرد، کە بتوانن ملانێکە لە سەر مێزی گوتوبێژ، نەک لە گۆڕەپانی جەنگدا چارەسەر بکەن، تاڵەبانی و ئەحمەد بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسیی لە ڕێگەی گوتوبێژ و مانۆرەوە کراوەتر بوون. زۆرینەی شتەکان وادەگەیەنن، کە بارزانی لە لایەن کوردەکانەوە لە کوردستاندا هەروەها لە نێو خوێندکارانی کوردیشدا لە دەرێی وڵات بە باشی پشتگریی لێ دەکرێت.

گومانی بارزانی بنەمایەکی پتەوی لە هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوەکانی ساڵانی 1960ەکانەوە هەیە. جەنگی نێوخۆ سێ جاران بۆ گوتوبێژکردن لەگەڵ گۆڕانی ڕێژیمەکاندا لە بەغدا، ڕاگیرا. پاش ڕووخانی قاسم لە بەهاری 1963دا، سەرۆکی کوودێتاکە سەردانێکی لای بارزانی کرد[15] و پاش ئەوەش حوکوومەت ددانی بە "مافی سروشتیی گەلی کورددا بە هەڵبژاردنی شێوەی نانێوەندەکی"دا نا. حوکوومەت ئامادە نەبوو بە داخوازییەکانی کورد بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ لە چوارچێوە و قەوارەی دەوڵەتی عیراقدا، قایل بێت. کە کوردەکان نوێنەری خۆیان نارده بەغدا بۆ گوتوبێژکردن لەمەڕ شێوە و داڕشتنی بیری نانێوەندەکی،

---

[15] عەبدوسسەلام عارف، سەرۆکی عیراق بوو، بەبێ ئەوەی سەردانی بارزانی کرد لە کوردستان، "تاهیر یەحیا"ی سەرۆکی حوکوومەتی عیراق بوو.

نوێنەرەکە گیرا[16]، پاشان ئەوانیش زێتر پێیان داگرت و داوای پتر و مەزنتریان دەکرد. حوکوومەتی بەغدا داوای کرد، هێزەکانی بارزانی خۆ بدەن بە دەستەوە. ئەم هەڕەشە توندوتیژە لەگەڵ هێرشێکی لەشکری نوێدا، یەکیان گرت. گوندنشینە کوردەکان لە ماڵەکانی خۆیان وەدەرنران و تارێنران و عەرەبە کۆلۆنیالیستەکانیان خستنە جێیان.

ئەم گۆڕانکارییە دەبووایە کارێکی چاوەڕواننەکراو نەبووایە، بەلای کەمەوە لە بیرکردنەوەی خاوەن دەسەڵاتە نوێیەکانی بەغدا، کە سەر بە پارتیی بەعس بوون و کە بیروباوەڕە سەرەکییەکەیانیش پانعەرەبیزم و سۆسیالیزم بوو. هەمان پاییز ئەو ڕێژیمی بەعسە سەرنگوم کرا و عەبدوسسەلام عارف بوو بە سەرۆک[17]. بڕیاری ئاگربەستێکی نوێ درا و گوتوبێژیکیش لە نێوان عارف و بارزانیدا دەستیپێکرد. ئەمجارەیشیان نەگەیشتنە هیچ چارەسەرێک و نەک هەر ئەوە بەڵکە تەنانەت جەنگ لە شێوەیەکی فراوانتردا لە ساڵی 1965دا، دەستیپێکردەوە. کاتێک عارف لە ڕووداوێکی هەلیکۆپتەردا تێداچوو، عەبدوڕڕەحمانی برای بوو بە جێگری[18] و ئەویش لە دەسپێکدا لە سەر هەمان سیاسەتی براکەی ڕۆیشت.

هاوینی 1966 مەزنترین هێرشێک تا ئەو کاتە کرایە سەر کوردەکان. دوای مانگێک ڕوونبووەوە، کە تەنانەت ئەو هێرشەش شکاوە. ئەمە بوو بە هۆی پتەوکردنی شوێن و جێگەی سەرەک وەزیری مەدەنی "بەززاز"[19]. بەززاز بەتەواوی باوەڕی بە پێویستی چارەسەرێکی ئاشتییانە لە کوردستاندا، هێنابوو. شەڕی نێوخۆ دەیکردە خەرجییەکی زۆر و زەوەندەی دەوڵەت بۆ لەشکر، لە سەر حسێبی پرۆژە مەدەنییە گرنگەکانی گەشەکردن و دەبووە هۆی پتر لەشکراندنی ژیانی جڤاکیی عیراق. لەشکری عیراق هەر لە ڕۆژانی قاسمیَ ڕا، داوای چارەسەرێکی لەشکریی بۆ کێشەی کورد دەکرد و ئەوەش دەرفەت و هەلومەرجی گوتوبێژی بۆ حوکوومەتێکی ئاشتیدۆست کەمتر دەکردەوە. حوکوومەتێکیش هەرچی زێتر ببێتە "کورددۆست"، ڕەنگە خێراتر لە لایەن سەرکردەیەتیی لەشکرەوە لە نێو ببرێت. ئەم مەترسییانە و بەدەمەوەچوونی چەشنە مافێک لە داواکاریی کوردەکان بۆ ئۆتۆنۆمی، دەکرا ببێتە یەکەم هەنگاوی خۆدابڕین و جیابوونەوەیان لە دەوڵەتی عیراق.

---

[16] ئەو شاندەی پارتیی دیموکراتی کوردستان، کە چووە بەغدا بۆ دانوستاندن لەگەڵ حوکوومەتی عیراقدا، جەلال تاڵەبانی سەرۆکایەتیی دەکرد. ئەوەی گیرا و زیندانیی کرا، "ساڵح یووسفی" ئەندامی شاندەکە بوو و تاڵەبانی دەرباز بوو و لە عیراق وەدەرکەوت.

[17] عەبدوسسەلام عارف، هەر لە پاش ڕووخاندنی قاسمەوە لە کوودێتای بەعسی 1963/2/8دا بوو بە سەرۆککۆماری عیراق و لە 1963/11/18یشدا بۆ خۆی کوودێتای لە سەر بەعس کرد و دەسەلات بە تەواوی کەوتە دەست خۆی و هەر وەک سەرۆککۆمار مایەوە.

[18] عەبدوسسەلام عارف، لە 1966/4/13دا، لە فڕۆکە کەوتە خوارێ و تێداچوو. "عەبدوڕڕەحمان عارف"ی برایشی لە 1968/7/17-1966/4/17، سەرۆککۆماری عیراق بوو.

[19] عەبدوڕڕەحمان ئەلبەززاز(عبدالرحمن البزاز)، لە دوای کوودێتای قاسمەوە یەکەم سەرۆکوەزیرانی مەدەنی بوو لە عیراقدا. ئەلبەززاز لە 1965/9/21-1966/8/7 سەرۆکی حوکوومەتی عیراق بوو.

بەپێچەوانەی دژوەستانی لەشکرەوە، بەززاز پرۆگرامێکی 12 خاڵیی دانا و خستەبەرچاو، کە پاشان ئەو پرۆگرامە بوو بە بناخەیەک بۆ هەموو هەوڵدان و تەقەلایەک، کە لە لایەن ڕێژیمی بەغداوە دەدرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. پرۆگرامەکە لەگەڵ ئەوەدا بوو، لە دەستووردا دان بە نەتەوەی کورددا بنرێت و نانێوەندەکییەک جێبەجێ بکرێت و بەشداربوون و نوێنەرایەتیی کوردەکان لە حوکوومەت و ئەنجومەنی نیشتمانی و کارگێڕی و دەسگا و کۆڕی دیپلۆماتیک و سەرکردەیەتیی لەشکردا، بە گوێرەی ژمارە و ڕێژەیان لە نێو دانیشتووانی عیراقدا، مسۆگەر بکرێت. هەروەها لێخۆشبوونی گشتیی بە سەربازانی هەڵاتوو بدرێت و کارمەندە دەرکراوە کوردەکان بگێڕدرێنەوە نێو کارگێڕییەکانیان و هێز و چەکدارەکانی بارزانییش دەنێو لەشکری عیراقدا جێگیرکرێن و چەکەکانیشیان بدرێن بە دەسەڵات و کارگێڕییە بەرپرسەکان.

ئەم پرۆگرامە بێگومان پێشکەوتنێکی مەزنی وەدیهێنا، وەلێ لە لایەن بارزانییەوە بە گومانێکی زۆرەوە تێی دەنۆڕدرا و بارزانی لە توانست و چەسپاویی ڕێژیم، گومان و دوودڵیی هەبوو، کە بتوانێت بە پێچەوانە و دژ بە خواستی سەرکردەیەتیی لەشکر، وەها پرۆگرامێک جێبەجێی بکات. ئەو دوو خاڵە یەکلاکەر و گرنگانەی، کە بارزانی نەیدەویست پێیان قایل بێت، نانێوەندەکی لە بری ئۆتۆنۆمی و دەستهەڵگرتن لە سەرکردەیەتی و ڕێبەری لەشکرە کوردییەکەی خۆی و بەجێهێشتنی بۆ حوکوومەتی نێوەندەکی بوون. بارزانی پێیوابوو، هێزی چەکدار و لەشکری کورد تاکە گەرەنتییەکە بۆ ئەوەی ڕێگەی گوتوبێژ بەرەبەرە بتوانێت چارەسەرێکی گونجاو بۆ دابینکردنی داخوازییەکانی کورد بهێنێتە پێشێ و لەگەڵ ئەو داخوازییانەدا یەکبگرنەوە. داخوازییەکانی کورد بە بەراورد لەگەڵ دەسپێکی شەڕی ناوخۆدا، لە سەرەتای شێستەکاندا، تا دەهات ڕوونتر و خورتتر بووبوون.

گوشاری لەشکر بەرەبەرە بوو بە هۆی ئەوەی، بەززاز وەلانرێت و لەشکرییەک وەک سەرۆکوەزیران بخرێتە جێگەی[20]. ئەم جێگرەی بەززاز هەڵوێستێکی نابەدڵ و ناقایلی بەرانبەر بە گوتوبێژ لەگەڵ کوردەکاندا وەرگرت. لە بری ئەوەش سەرۆک عارف هەوڵی دا ئەو ڕەوشە نەگۆڕ و چەقیوە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی بارزانییەوە، بگۆڕێت. ئەوەش یەکەم جار بوو، کە ڕێبەری یاخیبوونەکە لە لایەن سەرۆکێکی عیراقییەوە، لە سەر خاک و دەڤەری کورددا، دیدەنی بکرێت. هەرچەندە هەندێک هیوا و ئاوات بە گەڕانەوەی گوندنشینە کوردەکان بۆ سەر خانوو و زێدی پێشووی خۆیان، کە عەرەبە کۆلۆنیالیستەکان دەستیان بە سەردا گرتبوو، وەدی دەکرا، بەڵام ڕەوش و باری کوردستان بە شێوەیەکی گشتی چ گۆڕانێکی بە سەردا نەهات. هاوینی 1968 سەرۆک عارف ڕووخێنرا و حەسەن ئەلبەکر، بە سەرکردەیەتیی ئەو ئەفسەرانەی، کە بەرپرسیاری هێرشە لەشکری و چەکدارییەکەی ساڵی 1963 بوون، گەڕایەوە سەر دەسەڵاتداریەتیی. مینا جاران، گۆڕانی ڕێژیم بەڵێنی نوێیشی

[20] دوای وەلانانی ئەلبەززاز، "ناجی تالیب"، کە لەشکریی بوو، کرا بە سەرۆکی حوکوومەت.

بەدوادا هات. ئەمجارەیان بێجگە لە هەوڵدانی ڕواڵەتی، تەنانەت هەوڵ و تەقەلای کۆنکرێتییش درا. ئەلبەکر بڕیاری دامەزراندنی ئەکادیمیایەکی فەرهەنگیی کوردیی دا و مووچەخۆر و کارمەندە دەوڵەتی و فەرمییە کوردەکان گێڕدرانەوە سەر کاری خۆیان و بانگی لێخۆشبوونێکی گشتییش درا، بێ داواکردن لە هەڵاتووەکانی لەشکر و پۆلیس، کە چەکەکانیان بگێڕنەوە، وەلێ ئەو دەستووورە کاتییە نوێیەی، کە پاییزی 1968 دانرا مەبەست و ئامانجەکانی مەودایەکی درێژی لەبەرچاو گرتبوو. لەوێشدا ڕوونکرابووەوە کە "گەلی عیراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب".

لە سەرەتای 1969دا کوردەکان لە شێوەیەکی تەسک و کەمدا هێرشی چەکدارییان دەستپێکرد. ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی، لەشکری عیراقیش لە بەهاردا پێنجەم هێرشی گەورەی دەستپێکرد. ئەمە ڕەنگە بەرەوپیرییەوەچوونی کوردەکان بێت، کە هەموو ڕێژیمەکانی عیراق لە سەرەتادا ئەوەیان پێشانداون، کە ڕێژیمە نوێیەکان جێی خۆیان نەگرتووە و ئامانجیشیان ئەوەیە دەسەڵاتی خۆیان قایم بکەن و بچەسپێنن. نموونەی گوتوبێژەکان، کە بە کاری لەشکری و چەکداری کۆتایی پێ دەهات، هێندە دووپات کرابوونەوە، مرۆڤی ڕووبەڕووی پرسیار و گومان دەکردەوە، لەمەڕ ئەو هەلومەرج و توانستانەی، کە ڕێژیمێکی عیراقی گەرەکیەتیی و دەتوانێت کێشەکەی پێ چارەسەر بکات.

ئەوجا ئەو گرێکوێرەی کوردە دەبێ چۆن چارەسەر بکرێت و بکرێتەوە؟ هەڵوێست و دیتنی دەوڵەتانی هاوسێ و دەوڵەتە زلهێزەکان و دەوڵەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ڕای گشتیی جیهانیدا هاوتان و لە دەرەوە کاریگەرییەکی گرنگیان لە سەر پاشەڕۆژی کوردستان هەیە. با پێشەکی بنۆڕینە ڕەوشی کوردەکانی دەوڵەتانی هاوسێ و بزانین بە چ شێوەیەک ڕەوتاریان لەگەڵ دەکرێت.

کێشەی کورد، شێوە و فۆرمی جۆراوجۆر وەردەگرێت لەو دەوڵەتە جیاوازانەدا. تا ئێستا بزاڤێکی یەکگرتووی کورد، کە کوردستانێکی یەکگرتووی، وەک ئامانجێکی سیاسیی نێزیک خستبێتە بەرچاو و هەوڵی بۆ بدات، نییە و وەدی ناکرێت و لە هیچ وڵاتێکیشدا کوردەکان بۆ سەربەخۆییەکی تەواو خۆیان شەکەت ناکەن، تەنانەت ئەو کوردانەی عیراقیش.

ئەو وڵاتەی زۆرینەی کوردی لێ دەژی، تورکیا، ددان بەوەدا نانێت، کە کێشەی کورد لەوێ هەیە، چونکە"هەموو کوردەکان لە تورکیادا تورکن"[21]. ئەوەی سەیر و سەمەرەیە لەو دیتن و بۆچوونەدا ئەوەیە، کە حوکوومەتی تورک هەر بۆ خۆی لە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە ناچار کرابوو، سێ ڕاپەڕینی کورد سەرکوت بکات. ئەو ڕابوونانەیش لە ئەنجامی ناقایلبوون و دژایەتیکردنی کوردە شا و ئایینخوازەکاندا بوو، کە بەرهەڵستیی نەهێشتن و لابردنی خەلیفایەتی و هێنانە کایەی نوێخوازی و سێکولاریزمەکەی ڕۆژانی ئەتاتورکیان دەکرد لە لایەکەوە و لە ئالییەکی دیکەیشەوە ئەنجامی سەرکوتکردن و پێشێلکردنی بانگەوازی داخوازییە نەتەوەییەکانی کوردەکان بوو. لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا و

[21] ئەوە بە پێی بۆچوون و دیتنی فەرمیی حوکوومەتی تورکیا و تورکە نەتەوەییەکانی ئەو وڵاتە.

له دەڤەر و بەشە جیاوازەکانی تورکیادا، ڕاگواستنی زۆرەملێی گەورە و کاریگەر و لەبەرچاو بە سەر کوردەکاندا جێبەجێ کرا. کە ئاژاوە و نائارامییش گەیشتە نێو کوردەکان لە ئێراندا، لەشکری ئەو هەردوو وڵاتە کارێکی هاوبەشیان ئەنجام دا، کە بە هۆیەوە کوردەکان زیانێکی سەخت و کاریگەریان گەیشتێ. لە هەندەک دەڤەری کوردنشیندا لە تورکیا کارگێڕی ڕیزپەڕ و نائاسایی خرایە گەڕ و دوای ئەوەش پرۆسێسێکی تورکاندنی کارا و چالاکانە دەستپێکرا، کە تێیدا خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغە کرا. لە سەرەتای 1960دا گوێرسێلی سەرۆکی تورکیا، ڕوونیکردەوە و بە ئاشکرا گوتی، کە لە تورکیادا بە هیچ شێوەیەک گەلێک بە نێوی کورد نییە و ئەو نێوە فەرمییەیشی، کە ئیدی لێیان نرا "تورکە چیاییەکان"ە. فەرمانێک، کە لە ساڵی 1967دا دەرچوو، چاپکردن و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنیی کوردیی لە هەر شێوەیەکدا بێت، لە تورکیاوە و بۆ تورکیا قەدەغە کرد. تەنانەت بەکاربردنی وشەی "کورد" لە نووسیندا قەدەغە کرا. ئەم کار و تەدارەکانە کارێکی وایان کردە سەر بیری نەتەوەیی کورد، کە ئەمڕۆ نەتوانێت و بۆی سەخت بێت، خۆی دەرخات و پێشان بدات و کاریگەر بێت. سەردانەواندنەکانی حوکوومەتی عیراقی ساڵی 1970 بۆ کوردەکان لە عیراقدا، بە زێتر گوشار و چەوساندنەوە شکایەوە لە تورکیا، بۆ ئەوەی بەر بە وەها بانگاشە و تەشقەڵەیەک لە نێو کوردەکانی تورکیادا بگیرێت. واشپێدەچێت مەزنترین کۆسپ و گرفتێک لە ڕێگەی پرسیی کورددا لە تورکیا ئەوە بێت، کە پرانیی کوردەکان لەوێ وەرزێری هەژاری بێسەوادن، کە نە دەتوانن بخوێننەوە یا بنووسن، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی ئاگاداری و زانیارییان یەکجار خۆوار و بەرتەسک بێت و لە سنووری دەڤەرەکانی خۆیان تێنەپەڕێت.

لە ئێران گەلێک جار ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، کە کوردەکان بەشێکن لە گرووپی گەلانی ئێرانی و زمانێکی ڕۆژاوایی ئێرانی دەپەیڤن و کە ئێران ئیمپراتۆریایەکی فرەڕەگەزە و لە سەر مێژوویەکی هاوبەش و باوەڕ بە شا بنیاتنراوە، وەلێ لە پاش جەنگی جیهانی دووەم یەکسەر کوردەکان بە پشتگریی سۆڤێت کۆمارێکی سەربەخۆیان لە ڕۆژاوای ئێراندا دامەزراند. کۆمارە کوردییەکەی ساڵی 1946، ئەو کاتەی سۆڤێت بڕیاری کشانەوەی هێزە داگیرکارەکانی خۆی لە ئێران دا، لە هەمبەر بەشێک لە داهاتەکانی نەفتی ئێراندا، ڕووخا. ڕووسەکان لە بایەخنەدان و گوێنەدانی نەتەوەییە کوردەکان بە ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم – لێنینیزم و نەویستن و ناقایلیی ئەوان بە کۆنترۆڵی سۆڤێت، هیوابڕاو بوون. ساڵی 1968 یاخیبوونێک لە نێو کوردەکاندا لە ڕۆژاوای ئێران، بەرپا بوو[22] و بە گوێرەی زانیاری کوردەکان بووبووە هۆی کوشتنی 200 کەسێک. وەکی دیکە داخوازی کوردەکان لە بواری فەرهەنگییدا لە شێوە و قەوارەیەکی گچکە و تەنگەبەردا لە لایەن حوکوومەتی فارسەوە ڕەچاو کراوە. ڕەنگە ئەمەش تا ڕادەیەک ئەنجامی ئەو هاوپەیمانییە بێدەنگ و کپەی نێوان کورد و فارس بێت لە مێژووی کەڤندا.

---

[22] مەبەست لەو یاخیبوونە ڕابوونی باڵێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە، لە دەوروبەری سەردەشت و بانە و خانێ، کە سولەیمانی موعینی و ئیسماعیلی شەریفزادە، ڕێبەرییان کرد.

بە گوێرەی پرنسیپی سیاسەتی کەمینەی لینینیزم، کە لەم بار و حاڵەدا بەڕاستی جێبەجێ کراوە، کوردەکانی سۆڤییەت بە باشی ڕەوتاریان لەگەڵ کراوە. کوردەکان لە یەکیەتیی سۆڤییەت فێرگەی خۆیان هەیە و دەشتوانن بڵاوکراوە بە کوردی پەخش بکەنەوە. زۆرینەی ئەو بڵاوکراوە کوردییانە کە نێزیکەی 500 دانەیەک دەبن و لە 1920ەوە دەرچوون و بڵاوکراونەوە، هەروەها زنجیرەیەک قەوانی گرامافۆنی مووزیکی میللی کوردییش هەموو لە یەکیەتیی سۆڤییەت دەرچوون. ئەوانە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریان تێ کراوە و ڕووسێنراون. حوکوومەتی سۆڤیەتیی کات لە دوای کات پەنابەری کوردی وەرگرتووە[23]. لەگەڵ ئەوەشدا کێشەی کورد تەنانەت بۆ پرۆپاگەندە بەکاربراوە، بۆ نموونە لە ڕێگەی ڕادیۆی "پەیکی ئێران"ی کۆمۆنیستەوە لە لایبزیگ[24]، کە هەمیشە هانی کوردەکانی ئێران دەدات بۆ یاخیبوون. هەر بەم بۆنەیەشەوە ئەم کەونە پەندی پێشینانە کوردییە، کە دەڵێت : "مەڕی لە ڕان دابڕاو بەشی گورگانە"، بەکەڵکە و واتایەک دەگەیەنێت.

سووریا بە فەرمیی هەر ئەو هێڵەی تورکیای پێڕۆ کردووە و ئەویش ددان بە بوونی کورد لەو وڵاتەدا نانێت. کوردەکان بەشێکی سەرەکی لە دانیشتووانی سێ دەڤەری کوردنشین لە باکووری سووریا پێکدەهێنن. زۆربەیان لە دەڤەری جەزیرە دەژین، کە وەک گۆشەیەک یا فوازێک لە نێوان تورکیا و عیراقدا درێژ دەبێتەوە. پێش چەند ساڵێک، بە هۆی ڕاگواستنی زۆرەملێی کوردان و وەرزێری عەرەب لەجێ دانانیان، هەندێک نائارامی و ئاژاوە و فەرتەنە لە نێوان کوردەکاندا لەو ناوچەیەی، کە عەمبار و گەنجینەی دانەوێڵەی سووریایە، ڕووی دا. لە ساڵانی 1960ەکاندا چەندین جار حوکوومەتی دیمەشق، ڕووناکبیرانی کوردی بە بیانووی "چالاکیی جیابوونەوەخوازی"، دادگایی کردووە. بێبەختییە کە ڕای گشتیی لە پرس و کێشەی کورددا، تا ڕادەیەک وای لێهاتووە تەنێ ڕوو لە حوکوومەتی بەغدا دەکات، بە هۆی جەنگی ناوخۆی عیراقەوە. کوردەکان لە لایەن حوکوومەتەکانی تورکیا و سووریاوە ڕووبەڕووی هەڵوێستێکی توندوتیژ دەبنەوە و پتر دەچەوسێنرێنەوە. لەم وڵاتانەدا کوردەکان لە مافگەلێک، کە کوردەکانی عیراق ئەمڕۆ سوودی لێ وەردەگرن، بەتایبەت لە بواری فەرهەنگیدا، بێبەش دەکرێن.

ئایا وڵاتە هاوسێیەکانی عیراق چۆن دەنۆڕنە جەنگی نێوخۆ لە عیراقدا، لە نێوان کوردەکان، لە ژێر سەرکردەیەتیی بارزانی و ڕێژیمی بەغدای عەرەبیدا؟ هۆیەکی سروشتیی هەیە، کە دەوڵەتانی هاوسێی عیراق، لە دروستبوونی کوردستانێکی ئازاد یا کوردستانێکی سەربەخۆ لە نێو چوارچێوەی عیراقدا بترسن، چونکە بەوان وەها کارێک دەبێتە هۆی ئەوەی

---

[23] حوکوومەتی سۆڤییەت، پاش بارزانییەکان، کە لە دوای ڕووخانی کۆماری مەهابادەوە تا 1958 لە سۆڤییەت بوو، هەرگیز پەنابەری کوردی وەرنەگرتووە. ڕەنگە تاکەتاکەیەک کورد، ئەویش نەک وەک کورد، بەڵکە وەک ئەندامی پارتییە کۆمۆنیستەکانی عیراق، ئێران، تورکیا و سووریا لەوێ مافی مانەوە و نیشتەجێبوونیان وێدرابێ.

[24] ڕادیۆی "پەیکی ئێران"، لە بولگارستانەوە پەخش دەکرایەوە.

کەمینە کوردەکانی نێو سنوورەکانی خۆیان، سەرلەنوێ ڕابن و سەرهەڵدەنەوە. ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی، کە تەنێ ئێران هەڵوێستێکی ئەرێنی هەبێت لەهەمبەر خەباتی کوردەکانی عیراقدا. پێدەچێت شای فارس لەوە دڵنیا بێت، کە ئێران چ مەترسییەکی لەو "کاریگەریی-دۆمینە"[25]دا بەوەی پریشکی جەنگی کورد و عیراق و کاریگەریی ئەو جەنگە بگاتە ئێران و کاردانەوەی هەبێت لە سەر وڵاتەکەی ئەو و کوردانی ئێران، نەبێت. وەلێ لە نێو سنووری ئێراندا، گەلێک بە نێوی گەلیی ئازەری دەژین، کە ئەوانیش وەک هاوسێ کوردەکانیان لە ئێراندا، پاش جەنگی جیهانی دووەم بە پشتیوانیی ڕووسیای سۆڤیێتی، کۆماری خۆیان دامەزراند. ڕەنگە شا پێیوابووبێت، کە قایلنەبوونێک بە هاندان یا بەلای کەمەوە ڕێگەگرتن لە چاوپۆشیی لێکردن بە ناردنی کۆمەک لە کوردەکانی ئێرانەوە بۆ خزمانیان لە عیراق، دەبووە هۆی پەیدابوونی ناڕەزاییەکی توند لە کوردستانی ئێراندا. ڕەنگبێ ئەم بۆچوون و دیتنە، زێدەڕۆییەک بێت لە پێشاندانی هەستی نێزیکی و خزمایەتی لە نێوان کورددا لە ئێران و عیراق. بۆ نموونە دەگوترێ، کە سەرۆکی کوردەکانی عیراق موستەفا بارزانی دژ بە یاخیبوونەکەیساڵی 1968ی کوردەکانی ئێران ڕاوەستاوە.

سەیر لەوەدایە، کە واپێدەچێت شا، بەرانبەر خەباتی بارزانی کاتێک بارزانی لە سەختترین و دژوارترین کاتیدا بووە، فرە ئەرێنی پێشاندابێت. ئەم شێوە مامەڵە و ڕەوتارە چاوەڕواننەکراوەی شا، دەکرێ وا لێکبدرێتەوە، کە شا لەوە تۆقیوە، کە بارزانییەکی هەڕەشەلێکراو بە دۆڕانی لەشکریی لە عیراقدا، وەک پاش جەنگی جیهانیی دووەم، گەرەکی بێت و بە تەما بێت، خەبات بگوێزێتەوە بۆ ئێرانی هاوسنوور. نێزیکبوونەوەی نێوان مسر و عیراق و لەهەمان کاتیشدا سیاسەتی ڕادیکالانەی ڕێژیمەکانی عیراق، هەموو ئەوانە ڕەنگە کار بکەنە سەر هەڵوێستی شا. ڕاستییەک، کە دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت ئەوەیە، کە کوردەکان وەک بەشی سەرەوەی عەرەبەکانی عیراق، سەر بە ئایینزای سوننین لە نێو ئیسلامدا[26]. لێ لە باشووری عیراق، وەک ئێران دووەم لقی سەرەکی نێو ئیسلام، شیعە، زۆرینەن. ئەگەر کوردەکان لە عیراق خۆ دابڕن و جوێببنەوە، ئەوە بێگومان دەبێتە هۆی گۆڕینی ژمارەی شیعە و سوونە لە عیراقدا و بە قازانجی شیعەکان دەشکێتەوە، کە ڕەنگە ببێتە هۆی خاسترکردنی پێوەند لەگەڵ ئێراندا.

---

[25] دۆمینە یا دۆمینۆ، بریتییە لە 28 پارچەی لاکێشەیی، کە هەریەکەو چەند ژمارەیەکی لە سەرە. ئەگەر ئەو 28 پارچەیە بە درێژی و لە سەر لایە گچکەکەی و بە تەنیشت یەکەوە بە پێوە دانێیت و یەکەم دانەیان پاڵپێوەنێیت، ئیدی یەکەم دانە، دووەم دانە دەخات و دووەم دانە سێیەم دانە دەخات تا دوا دانە هەموو ئەو دۆمینانە یەکدی دەخەن و دەکەون و بە پێوە نامێنن. واتە: خستنی یەک دانە کار دەکاتە سەر هەموو و هەموویان دەخات.

[26] ڕاستە زۆرینەی کورد سەر بە ئایینزای سوننەی ئیسلامن، لێ بەشێکی لەبەرچاوی کوردییش هەن، کە سەر بە ئایینزای شیعەی ئیسلامن، وەک: کوردانی بەغدا، عیمارە، حەی، کووت، عەزیزییەی عیراق و کوردانی جەسسان، بەدرە، مەندەلی، قزڕەبات و بەشێکیش لە کوردانی خانەقین و قەرەتەپپە و خورماتوو و کەرکووک لە باشووری کوردستان و تەواوی کرماشان و لوڕستان و ئیلام و بەختیارییش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لەمەڕ پەیداکردنی چەک و ئازووقە و تفاقەوە، ڕێگەی ئێران تاکە ڕێگەیە، کە لەسەرپشت و وازە بۆ کوردە یاخیبووەکان لە عیراقدا. سەرەڕای ئەوەش وا باوە، کە بە خشکەیی و بێدەنگیی و لەو ڕێگەیەوە و بە قاچاخ، کۆمەک لە خاچی سووری جیهانییەوە براوەتە ژووریٚ. کە فڕۆکە عیراقییەکان بۆمببارانی ئەو بژیوەڕێگەیانەی کرد، گوندەکانی ئێرانیش لەو دیوی سنوورەوە بەرکەوتن و ئەوەش بوو بە هۆی گرژبوونی پێوەندەکانی نێوان ئێران و عیراق. هەرچی سنووری نێوان تورکیا و کوردستانی عیراقە، دەیان ساڵە داخراوە و خەباتی یاخیبووانی کوردیش بە هیچ شێوەیەک لە لایەن حوکوومەتی تورکەوە دنە نادرێت. هەڵوێستی سووریاش هەر بەو جۆرەیە و ساڵی 1963 سووریا، بە هێزی لەشکرەوە بەشداریی لە جەنگدا دژ بە یاخیبوونەکەی کوردستانی عیراق و بۆ دامرکاندنەوەی کرد[27]. لەو کاتەدا سووریاش وەک عیراق لە لایەن حوکوومەتێن بەعسی پانعەرەبیستەوە فەرمانڕەوایی دەکرا. هەڵوێستی یەکیەتیی سۆڤییێت لەرزۆک و لەق بوو، چونکە دوو مەبەستی دژبەیەک کار دەکەنە سەری. ڕووسەکان لە سەرێکەوە نایانەوێت بە تەواوی کراوەیی پشتگریی خەباتی کوردەکان بکەن، نەبادا ئەو پشگرییە بیانکات بە نەیار لەگەڵ جیهانی عەرەبدا و لە لایەکی دیکەشەوە نەیانگەرەکە کوردەکان تەنگاو و شپرزە بکەن و بیانکەن بە باوەشی دەوڵەتانی ڕۆژاوادا. گەورەترین ڕێبەری کوردان موستەفا بارزانی لە نێوان 1946 و 1958دا لەگەڵ لایەنگرانیدا، لە یەکیەتیی سۆڤییێت ژیا. بارزانی لە سەردەمی حوکوومەتی قاسمدا لە بەغدا وەک پەیوەست و گەیێنەرێکی پێوەندی نێوان قاسم و مۆسکۆ بەکار دەبرا. لە پاش تێکچوون و دابڕان لە نێوان بارزانی و دەسەڵاتدارانی بەغدادا لە کۆتایی ساڵانی 1950کانەوە، یەکیەتیی سۆڤییێت دەستبەرداری پشتگری و یارمەتی کوردەکان بوو و لە بری ئەوە ڕووسەکان چەکیان بۆ عیراق کلدەکرد. بەڵام گەلێک جار و لە زۆر دەرفەتی دووپاتبووەوەدا، گوشاریانیش بەکار بردووە بۆ هێنانە کایەی هەلومەرجی گوتوبێژی ئاشتییانە، بەتایبەت لە ساڵی 1963دا، کاتی ڕێژیمی بەعس، کە پێوەندەکانی نێوان مۆسکۆ و بەغدا، بە هۆی کوشتنی کۆمۆنیستەکانی عیراقەوە، گرژ و توند بوون.

ڕێبەری مسرییش جەمال عەبدونناسر، ڕۆڵێکی چالاکانەی وەک ناوبژیکارێک لە نێوان لایەنەکانی جەنگی نێوخۆی عیراقدا، بینی. هەڵوێستەکانی ناسرییش، بەپێی پلەی لایەنگریی حوکوومەتی بەغدای ڕۆنیشتوو، لە خۆشەکەتکردن و هەوڵدانی ناسر، بەرگۆڕان بوون. لە گەلێک بۆنە و جاردا سەرکردەی کورد پاش سەردانی قاهیرە، پەسنی خواستی ناسریان بۆ ئاشتی داوە. ئەمەش دەکریٚ بە شێوەیەکی سەرەکی بەوە ڕوون بکرێتەوە، کە عیراقێکی خجڵی جەنگی نێوخۆ، گەلێک بێسوود و بێکەڵک دەبێت لە خەباتی دژ بە ئیسرائیلدا. ئیسرائیلیش بە نۆبەی خۆی هەڵوێستێکی چاودێریکار و چاوەڕوانکارانە وەردەگرێت، هەرچەندە ئارەزوو و خواستی هاوبەش و لایەنگریی، لە بەر هۆی ڕوون و

---

[27] حوکوومەتی سووریا تیپی لەشکری ئەلیەرمووک"الیرموک"ی 3000 سەربازیی بۆ کۆمەک بە عیراقییەکان ناردە کوردستان و دژ بە شۆڕشی کورد جەنگان.

خویا لە کن کوردەکان هەیە. بە ئاشکراش هیچ کۆمەک و پشتگرییەکی چالاکانە لە لایەن ئیسرائیلەوە بۆ کوردەکان نەهاتووە و نەدراوە. لە بەغدا و لەکن عەرەبان هەمیشە بانگاشەی ئەوە دەکرێت، کە خەباتی بارزانی لە لایەن ڕۆژاوا و ئیسرائیلەوە بە تایبەتیش لە لایەن کۆمپانیاکانی نەوتەوە هاندەدرێت، وەلێ تا ئێستاش ئەو گلەیی و تاوانبارکردنانە، هەرگیز بە هیچ بەڵگەیەک یەکلا و ساغ نەکراونەتەوە. ڕەنگە نوێنەرانی کۆمپانیاکانی نەوتی ڕۆژاوایی چەشنە بەڵێنێکی بیمەکردن و پارێزگارییان لای بارزانی وەدەستهێنابێت، کە کۆمپانیا و کێڵگە و کەرەسە گرنگەکانی نەوت تێکنەدرێن و نابووت نەکرێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و بە پێچەوانەوە و دژ بە خواستی بارزانی، لە بەهاری 1969دا، یەکەم هێرش کرایە سەر ئاقار و سامانی کۆمپانیا نەوتییەکان. ئەمە وا دەگەیەنێت، کە ئەم خەباتە درێژخایەن و کەمبەرهەمە، کاکڵە و نێوەندێکی جەنگگێڕی ئامادەی شەڕی، لە نێو کوردە نەتەوەییەکاندا دروست کردبێت، کە دژ بە هەموو جۆرە دەسپێخەری و هەوڵێکی ئاشتییانە و نالەشکری بن و بیانەدەنە دواوە. تەنانەت ئەوەش دەگەیەنێت، کە بارزانی هەرچەندە ئەو بۆ خۆی سکرێتری گشتیی پارتییە[28]، ئیدی بەشداریی ئەو کۆبوونەوانە ناکات، کە کۆمیتەی ڕاپەڕاندن(جێبەجێکردن)ی پ. د. ک دەیکات.

دەوڵەتانی ڕۆژاوا، بە پێچەوانەی ئەو بانگاشەیەی، کە لە ئارادایە، هیچ کاتێک چالاکانە خۆیان بە خەباتی کوردانەوە خەریک نەکردووە و ئەوەی هەمیشە بۆ ئەوان گرنگ بووە ئەوەبووە، کە دەستیان بە کانە نەوتە دەوڵەمەندەکانی عیراقڕا بگات و لەدەستیان دەرنەچێت. بێجگە لەوەش ئەوان بەگژاچوونی تورکیا و وڵاتانی عەرەبیان نەویستووە.

گەلێک لە سیاسەتکارانی دەسەڵاتدارانی ڕۆژاوا، تەنانەت لەوە ترسابوون، کە بارزانی و پارتییەکەی کۆمۆنیست بن. ئەو بۆچوونە ڕاستییەکی تێدا بوو، چونکە پارتیی دیموکراتی کوردستان تا کوودێتای قاسمی 1958 لە عیراقدا، کۆمۆنیستەکانی تێدا زاڵ بوون، بەڵام لە سالآنی 1960ەکاندا نەتەوەییانی خودان ئاگایی جڤاکی دەستیان بەسەر ئەو شوێن و جێگانەدا گرت. لاوازی و جێلەقبوونی مارکسیستەکان بە گۆڕانێک لە پرۆگرامی پارتییدا، کە ساڵی 1966 بڕیاری لە سەر درا، وەدی دەکرا. خاڵی پێنجەمی پرۆگرامی پارتیی پێشتر، بەم شێوەیە بوو: "پارتیی لە خەباتی سیاسی خۆیدا لە شیکردنەوە کۆمەڵایەتییەکانیدا بیروباوەڕی مارکسیزم – لینینیزمی زانستی پێڕۆ دەکات". بەڵام لەو پرۆگرامە ڕادیکالە نامارکسیستەی ئێستادا ئەوە بەم شێوەیە گۆڕاوە: "پارتیی لە خەباتی سیاسی خۆیدا لەو تیۆرییە زانستییە پێشکەوتووانەی کە لەگەڵ باری گەلی کورددا دەگونجێن کەڵک وەردەگرێت". هەرچەندە کوردەکان بەکەمی لە لایەن شوێن و سەرچاوە فەرمییەکانی ڕۆژاواوە هاندەدران، بەڵام ڕێکخراوەکانیان ڕێگە درابوون کە بە ئازادی پرۆپاگەندە و ئاگاداری لەمەڕ ڕووداوەکانی کوردستانەوە بڵاوبکەنەوە. پرسی کورد لە لایەن ڕای گشتییەوە لە ئەوروپا و ئەمەریکا باسی لێوە دەکرا، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا وا ڕوویداوە، کە سەرکردە

---

[28] بارزانی، سکرتێری گشتیی پ.د.ک نەبوو و سەرۆکی بوو، حەبیب موحەممەد کەریم، سکرتێری گشتیی پ.د.ک بوو.

مەزنەکانی کورد، لەوانەش تاڵەبانی، کە هەرچەندە ئەوان نوێنەری تایبەتی بارزانی خۆیشی بوون، ڕێگە نەدراون سەری ئینگلستان و ئەمەریکا بدەن[29].
ساڵی 1963، لە دەوڵەتەیەکگرتووەکاندا، خەریک بوو کێشەکە بخرێتە بەرباس کاتێک، کە کۆماری مۆنگۆلیای گەلیی، عیراقی بە ڕەشەکوژیی کوردان تاوانبار کرد. ئەو پرس و باسەش بە گوشارخستنە سەر مۆسکۆ لە لایەن حوکوومەتی بەغداوە، لە خشتەی کاری ڕۆژانەی ڕێکخراوی دەوڵەتەیەکگرتووەکان سڕایەوە و دەرهاوێژرا و مۆسکۆیش بە نۆرەی خۆی حوکوومەتی مۆنگۆلیای قایل کرد، کە تاوانبارکردنەکەشی دژ بە عیراق بکێشێتەوە. لە پاش ئەوەوە ئیدی هەڵوێستی دەوڵەتەیەکگرتووەکان بە جۆرێک بووە، کە جەنگی نێوخۆی کوردستانی وەک کێشە و گیروگرفتێکی نێوخۆی عیراق تەماشاکردووە. ئەم هەڵوێستە جێی دەمەتەقە و باسە، چونکە یەکیەتیی دەوڵەتەکان، بۆ خۆی لە ساڵی 1925دا، بڕیاری دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆی لە نێو چوارچێوەی عیراقدا، دابوو. لەوەش پێشتر و لە ساڵی 1922دا، بەڵێنی کوردستانێکی سەربەخۆ لە ڕێککەوتنەکەی نێوان عیراق و دەسەڵاتداریەتیی ماندانی ئینگلستاندا، درابوو. بێجگە لەوەش جەنگی ناوخۆی عیراق بە هۆی خۆتێکەڵکردنی هێزەکانی سووریاوە لە ساڵی 1963دا، گۆڕدرا بۆ جەنگێکی نێونەتەوەیی.
لە سەرەتای ساڵی 1970وە سەردەمێکی ئاشتییانەی نوێی پێوەند لە نێوان حوکوومەتی نێوەندەکی بەغدا و یاخیبووە کوردەکاندا دەستپێکرا. نوێنەرانی بارزانی و حوکوومەتی بەغدا ڕێککەوتننامەیەکیان وەدیهێنا. یەکێک لەو شتانەی، کە لە ڕێککەوتننامەکەدا بڕیاری لە سەر دراوە ئەوەیە، کە لە ژێر جۆرە چاودێرییەکی دەوڵەتەیەکگرتوەکاندا ڕاپرسییەکی گشتی لە باکووری عیراقدا بکرێت[30]، بۆ ئەوەی شوێنی نیشتەجێی کوردەکان بزانرێت. ئەو دەڤەرانەش بەرەبەرە لە یەکەیەکی کارگێڕیدا ڕێکخرێن. زمانی کوردی بە فەرمی ددانی پێدا بنرێت. کوردەکان نوێنەرایەتیی خۆیان لە دەسگاکانی قانووندانان و جێبەجێکردن و هەڵسووڕاندنی وڵاتدا بە گوێرەی بەش و چەندایەتییان لە دانیشتواندا، کە نێزیکەی 30%ی تەواوی دانیشتووانی عیراقن، هەبێت. کوردێکیش بە جێگری سەرۆککۆماری وڵات دابنرێت. بەڵێنی لێخۆشبوونی گشتییش هێشتا کاری پێ بکرێت.
ڕێککەوتننامەکە هەندێ بەند و خاڵی نهێنیشی تێدایە، کە ناوەڕۆکەکانیان بە فەرمی ئاشکرا نەکراوە، وەک ئەوەی کە کوردەکان بۆیان هەبێت، چەکە قورسەکانیان و وێستگەی ڕادیۆکەیان بهێڵنەوە، تا هەموو خاڵەکانی تری ڕێککەوتننامەکە جێبەجێ دەکرێن. هێزەکانی حوکوومەتی بەغدا لە باکووری عیراق دەگێڕدرێنەوە دواوە، بێجگە لە ئۆردووگای کەرکووک کە چاودێری جێگە نەوتییەکان دەکات. بارزانی بۆی هەیە 12000 کەس لە لەشکری پێشمەرگەی خۆی بهێڵێتەوە. دوژمنەکانی بارزانی، هێزە بەکرێگیراو و نانەزگە کوردەکان و

---

[29] جەلال تاڵەبانی سەری ئینگلستانی دا و پەرلەمانی ئینگلستانییش پێشوازییەکی گەرمیان لێ کرد.
[30] لە ڕێککەوتننامەی 11ی مارسی 1970دا هیچ جۆرە ئاماژەیەک بە چاودێری و ڕۆڵی دەوڵەتەیەکگرتووەکان نییە.

پارتییە کوردییە دۆستەکەی بەغدای تاڵەبانییش هەڵدەوەشێنرێنەوە. تاڵەبانییش بۆ خۆی هەرپێش ساڵگۆڕانی 1969-1970 لە عیراق، وەدەرنرا[31].

ئەوجا بۆچی حوکوومەتی بەغدا بڕیارێکی وا کتوپڕی دا، کە هەوڵدات بۆ چارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشەی کورد؟ یەکەم لەبەر ئەوەی، لەشکری عیراق هەر وەک جارانی پێشوو، لە گەیشتن بە چارەسەرێکی لەشکریی بۆ کێشەی کورد، تێکشکانی وەدەست هێنابوو. هەروەها لەبەر ئەوەی، کە یاخیبووە کوردەکان لە 1969دا و بۆ جاری یەکەم هێرشیان کردە سەر شوێنگە و ئاورازە نەوتییە گرنگەکان لە باکوور. ئەم جێگە نەوتییانە ¾ی داهاتی دەوڵەتیی حوکوومەتی عیراق دابین دەکەن. سێیەمیش بەهۆی ئەو بەرهەڵستییە نێوخۆییەی، کە دژ بە سەرۆکی عیراقی ئەلبەکر هەیە و کە ئەو فەرمانی مردنە سیاسییانەی ئەم ساڵانەی دواییەی، لاوازی و لەقیی جێگەی وی دەردەخات. ئەلبەکر بە تەواوی ئاگادار بوو لە پێوەند و دەستتێوەردانی یاخیبووە کوردەکان، لە نێو نەیارانی پارتیی بەعسدا لە بەغدا. چوارەمیش ئەوەیە، کە ڕێژیمی بەغدا کێشەی سیاسەتی دەرەوەیشی هەیە. وڵاتی هاوسێ ئێران تا ئێستاش ئامادەیە، لە کاتی پێویستدا یارمەتی خەباتی بارزانی بدات. عیراق، لەمەڕ ڕۆخانەی عەرەبەوە، کە دەکاتە ئاوڕێژگەی گرنگ و ستراتیژی فرات و دیجلە لە کەنداوی فارسدا، لە کێشەدایە لەگەڵ ئێراندا. بە پێی هێندێ زانیاری پێدەچێت پێوەندی عیراق لەگەڵ وڵاتی هاوسێی ڕۆژاوایدا سووریا، فرە لەوەی خۆرهەڵات ئێران، خاستر نەبێت. حوکوومەتی سووریا لە لایەن باڵێکی ململانێکەر و نەیاری نێو پارتیی بەعسی پانعەرەبیستەوە بەڕێوە دەبرێت. سەرەڕای ئەوەش هۆکارێکی سیاسی گرنگ هەیە، ئەویش ئەو وەدواوەکشانەوە بەڵێندراوەی ئینگلیزی ساڵی 1971ە، لە کەنداوی فارس. عیراق، ئێران، عەرەبستانی سعوودی هەر لە ئێستاوە، بۆ کاریگەری و دەستڕۆیشتن لە نێو هوردە شێخنشینە نەوتییە دەوڵەمەندەکانی ئەو دەڤەرەدا، دەستیان بە پێئشبڕکێ کردووە. شتێکی دیکەش کە بە لای کەمەوە هەمان گرنگیی هەیە ئەوەیە، کە ئاشتی لە کوردستاندا مەرجێکە بۆ کاریگەری و بەشدارییەکی زێتری عیراق لە خەباتی دژ بە ئیسرائیلدا. ئەم باسە تەنانەت بووەتە هۆی گوشارخستنە سەر حوکوومەتی عیراق لە لایەن سۆڤیێتەوە، بۆ وەدێهێنانی باریی ئاشتی لە کوردستاندا.

لێ بەبێ گوێدان بە هۆکارەکانی ئێستای خواستنی ئاشتی بەرانبەر کوردەکان لە لایەن بەغداوە، دەبێ ئەم هەڵوێستەی ئێستا بە خۆشییەوە پێشوازی لێ بکرێت. خواستنی ئاشتی لە لایەن حوکوومەتی نێوەندەکییەوە، بە هۆی ئەو هەموو دەستبەرداربوون و خۆدانەدەستەوەیانەیەتی، کە لەسەرەوە باسکران. هاوینی 1970 چوار لە پێنج وەزیرە کوردەکان لە بەغدا بوون و ڕۆژنامەکەی بارزانی ئەلتەئاخی(التاخی- برایەتی)بە شێوەیەکی ئاسایی دەردەهات و پارتیی دیموکراتی کوردستانیش خەریکی دامەزراندنی بنکە و

[31] تاڵەبانی وەدەرنەنرا، بەڵکە دوای ڕێککەوتنانەی 11ی مارسی 1970 و هەڵوەشاندنەوەی چەکداران و حیزبەکەی و چوونە نێو پارتیی سەرکردەیەتیی بازانییەوە، ئیدی خۆی بە ویستی خۆی لە کوردستان و عیراق چووە دەرێ.

بارەگایەک بوو بۆ نووسینگەی پارتیی لە پێتەختی عیراقدا. لەگەڵ ئەوەشدا تاکە پەڵە هەورێکی نیگەرانی، کە لە ئارادا بوو، دواخستنی ئەو ڕاخوازییە گەلییە بوو، کە دەبووایە لە پاییزی 1970دا بکرابا، بۆ کاتێکی نادیار. داهاتوو دەبێ ئەوە نیشان بدات، کە ئایا خێرخوازیی هەیە و بەشی ئەوە دەکات، کە ئاشتییەکی جێگر و چەسپاو لە کوردستاندا بهێنرێتە دی، یا لە ساڵی 1970کانیشدا، وەک ساڵانی 1960ەکان، ئاگربەستن و جەنگڕاگرتن و گوتوبێژی ئاشتی، کە پاشانیش بە کاری لەشکریی و چەکداریی کۆتایی پێ دەهات، پێڕۆ و دووپات دەکرێتەوە.

*ئەمانەی خوارەوە سەرچاوەگەلێکن، کە نووسەر بۆ نووسینی بابەتەکەی کەڵکی لێ وەرگرتوون:


.Arfa, Hassan, The Kurds-a historical and political study, Oxford 1966

Boris, Thomas, The Kurds, Beirut 1966

Eagleton, William, The Kurdic republic of 1946, London 1963

Ghassemlu, Abdul Rahman, Kurdistan and the Kurds, Prag 1965

Khadduri, Majid, Republican Iraq-a study in Iraqi politics since the Revolution of 1958Oxford 1969.

Kinnane Derk, The Kurds and Kurdistan, Institute of race relations, Oxford 1964

Kurdish facts, tidskrift av Silvio Van Rooy och International Society Kurdistan i Amsterdam.

Lomborn, Rune, Kurderna-folket utan land, nr 5-1970 i seien varldspolitikens dagsfragor, utgiven av Utrikspolitiska institutet i Stockholm.

Nordlander, J, E/Rastgeldi, S/Tandberg, O,G, Det glomda kriget, Rapport fran irakiska Kurdistan, Natur och Kultur, Stockholm 1967.

Viennot, Jean-Pierre, Arabisme, kurdisme et iranisme, s.55-63 i Europa-Etnica 1970 2.


*ئەم گوتارە، کە نێوی "کوردستان"ە و لە نووسینی ئەندرێس کونگ(Andres Kung)ە، بەشێکە لە کتێبێکی سوێدی بە نێوی "چەوساوەکانی زەوی "Jordens fortryckta"، کە ئەندرێس کونگ و ئوولۆف.گ. تاندبەری (Olof G. Tandberg) پێکەوە، لە ساڵی 1970دا، نووسیویانە و لە لایەن پەخشخانەی "بۆنیەش"ەوە لە ستۆکهۆڵم، چاپ و بڵاو کراوەتەوە. کتێبەکە پاش پێشەکی و ناوەڕۆک و ئەوانە، بریتییە لە چەند بەشێک، کە هەر بەشەو تەرخان کراوە بۆ دەڤەرێکی تایبەتی جیهان. بەشی یەکەمی، لەمەڕ کۆمەڵە ڕەگەز و گەل و نەتەوە و کەمینەیەکی نێو دەوڵەتانی جیهانەوەیە، کە چەوسانەوەیەکی ئاشکرایان لە سەرە و ڕەشەکوژ دەکرێن، وەک کورد و خوارووی سوودان و چاد و ئێریتریا و خوارووی ئەفریقا. کورد، یەکەم باسێکە، کە لەو کتێبەدا هاتووە. بەشی دووەمی کتێبەکە، باس لە

گەلە ڕەوەندەکان دەکات، وەک هیندییەکان لە ئەفریقا و قەرەج و جوولەکە. بەشی سێیەمی کتێبەکە، باس لە کەمینە لەشکرییەکانی ئەمەریکا و سپییە ڕەشپێستەکانی ئەمەریکای ژووروو(کویبێک) و سۆڤیێت و چین وهیندوستان و سیلان و مالایزیا دەکات. بەشی چوارەمی، باسی ئەبۆریجینەکانی ئەوسترالیا و ماورییەکانی نیوزیلاند و گەلی ئاینۆی ژاپۆن و ئیندیانەکانی ئەمەریکای لاتین دەکات. بەشی پێنجەمی، باسی نەتەوەپەرستی لە سکۆتلاند و وەیلز و ئیرلاندی سەروو و فرانسە و ئیسپانیا و بەلژیکا و یۆگوسلاڤیا و سویسرا و قوبرس دەکات. بەشی شەشەمی، باسی دەڤەری نووردی سەرووی ئەوروپا، سامەکانی سوێد و گروێنلاند و فەرئوێیەرنا و سوێدییەکانی فینلاند و تۆرنەدالییەکان و شلیسویگ و فریسەکان دەکات. بەشی کۆتایی کتێبەکەش، بەندەکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤ و سزادانی تاوانەکانی ڕەشەکوژی گەلان و سەرچاوەی باسەکانە. لە هەریەک لەو بەشانەدا، ئەو دوو نووسەرە ئەو خەڵکانەی باسیان کردوون، لە ڕووی سیاسی و ئابووری و جڤاکی و هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانەوە لێیان وردبوونەوە و خوێندوویاننەوە و تاوتووی ڕەوش و گیروگرفتەکانیان کردوون. کتێبەکە 272 لاپەڕەی (A5) ە و لە لاپەڕە 37-49یشی لە بارەی کوردەوەیە. ئەندرێس کونگ، بەرپرسی پرۆگرامی "چارەکە سەعاتێکی فەرهەنگ"ییە"!OBS"و پێشتریش کتێبی"ئەمەریکا لاتین- بیراز یا چەقین"ی نووسیوە و وەچاپ گەیاندووە. لە پاییزی 1985دا ئەم گوتارەم لە سوێدییەوە کردووە بە کوردی و پەراوێزیشم بۆ داناوە .

ئەمجەد شاکەلی

پاییزی 1985